


# بازنەی دیجیتالی خانمان

لە داهاتوویەکی نزیکدا ئامێرە دیجیتالییەکان شـــوێنی ملوانکەی زێڕ و بازنە و پاوانەی زیو دەگرنەوە. لە بازنە دیجیتالییەکاندا شێواز و ستایلەکان بە ویستی بەکارهێنەر دەگۆڕدرێن، لە مۆبایلەکەت دیزاینەکە هەڵبژێرە و بە یەك فەرمان بازنە، یان ملوانکەکەت ستایلی دەگۆڕدرێت.

بازنەی Tago arc یەکێکە لەم بازنە دیجیتالیانە. بە تێکەڵاوکردنی تەکنەلۆژیای حیبری ئەلکترۆنی و پیشەسازی مۆدێلی نوێ، بازنەیەکی زۆر جوان چێ دەبێت. ئەم بازنە ئەلکترۆنییە قەت پێویســـتی بە شـــەحن کردنەوە نییە و بە پڕۆگرامێك کە لەســـەر مۆبایلەکە داندراوە لە نێوان سەدان وێنەی جوان بۆ دیزاینێکی سەرنج ڕاکێش سەرپشك بە کامەیان هەڵدەبژێری. بازنەکان سێ ڕەنگی زێڕین و زیوین و ڕەساسیان هەیە.




# کۆنترۆڵی هەمەکارەی سمارت

ریمۆت کۆنترۆڵ گەرچی ســـتیی جەســـتەیی بۆ مرۆڤ بە دیاری هێناوە، بەڵام خزمەتێکی زۆریشـــی گەیاندووە، ئێستا کەم ماڵ هەیە چەندین ریمۆت کۆنترۆڵی بۆ ئامێرەکانی ماڵەوە نەبێت، بوونی ئەو هەموو ریمۆت کۆنترۆڵە تا رادەیەك کێشـــەیە و ئەگەر ریمۆت کۆنترۆڵێك بەتەنیـــا هەموو ئەرکەکانی جێبەجێ کردبا گەلێك گرنگ دەبوو. بۆ نمونە ریمۆت کۆنترۆڵێك بۆ سپلیت، تیڤی، کردنەوەی دەرگا، لادانی پەردەکان، هەڵکردنی گلۆپەکان هەبا زۆر گرنگ دەبوو. ئەم خەونـــەش وەك زۆر ئامانجـــی دیکە بە ریمۆت کۆنترۆڵی جۆری NEEO بەدی هات. ئەم ریمۆت کۆنترۆڵە ئۆتۆماتیکی ئامێرەکانی ماڵەوە دەناسێ. فەرمانەکان جێبەجێ دەکات. هەروەها بە دانانی پرۆگرامێکی تایبەت لەسەر مۆبایل دەتوانرێت فەرمانەکانی پێبدەی. لەم ریمۆت کۆنترۆڵەدا زانیاری زیاتر لە ســـی هەزاری ئامێری هۆشـــمەندی تێدایە و دەکرێت گشـــت ئەو ئامێرانە تەنیا بەو ریمۆتە کۆنترۆڵ بکەی.





# سینەمایەک بۆ سەیران و گەشت

لەم سەردەمەدا کەم ماڵ هەیە سـینەمایەکی نەبێت، چونکە تەلەڤزیۆنە گەورەکان شـوێنی سینەمایان گرتۆتەوە، تەلەڤزیۆنێکی 50 ئینجی کوالیتی و توانای نیشاندانی زۆر لە سینەمایەك زیاترە. بەڵام ئەگەر حەز دەکەی لە گەشت و گەڕاندا سینەمایەك لەگەڵ خۆت بەری چ دەکەی؟

دیزاینەرێکـی تەکنەلۆژیـای نـوێ (جۆنگۆ) لـەم دواییـەدا دیزاینی سـینەمایەکی کردووە کە دەکرێت بۆ گەشت و گەڕان لەگەڵ خۆتی بەری. ئێـوە دەتوانن بە دانانی فلاش میمـۆری لەو ئامێرەدا فیلم و وێنەکانتان لە ئامێرە داتاشـۆیەکەدا ببینن. پرۆژکتـەری ئامێرەکە لە جۆری DLPیە. گشـت پارچەکان لە ڕێگەی بلوتوس و وای-فای پێکەوە دەبەسـترێنەوە هەر هەموویان پێکەوە بەقەد جانتایەکی بچووك نابن.

# گلۆپ و داتاشۆ

لـەم چەند سـاڵەی دواییدا گەلێك ڤیدیـۆ پرۆژکتەر کەوتنـە بازار، بەڵام ڤیدیۆ پرۆژکتەری جۆری beam لەگەڵ هاوجۆرەکانـی خـۆی جیـاوازی هەیە، ڤیدیـۆ پرۆژکتەرەکە سیسـتەمی ئەندرۆیدی لەسـەرە و تواناکانی گەلێکن. بۆ نموونە بەیانیان لە خەوت هەڵدەسـتێنێ و نوێترین هەواڵەکان لەسـەر شاشە نیشـان دەدات، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیسبووك تویتەر دەکاتەوە. جگەلەوەش دەتوانرێت لەشـوێنی گلۆپ دابندرێت و وەك گلۆپ سـوودی لێوەربگری، هەروەها بەهۆیەوە سەیری تەلەڤزیۆن بکەی و یاری پلەی ستەیشن و ئیکس بۆکس ئەنجام بدەی. یان پرۆگرامەکانی چێشت لێنان لەسەر دیوار سەیر بکەی و گوێ لە مۆسـیقا بگری و سـەیری فیلم بکەی. هەروەها پێشبینی کەش و هەوا بزانی.



# قەڵەمێک بۆ بڵاوکردنەوەی مۆسیقی

گـەر لەبیرتان بێت، هەمـووی چەنـد سـاڵێکی بەسەردا تێنەپەڕیوە بەرلەوەی مۆبایل و تەبلێت بەم جۆرە بکەونە بازاڕەوە و گشتگیر ببن، موزیك پلەیەر شـوێنی ریکۆردەر (مسـجل) و سـیدی گرتبۆوە، بەڵام دواتر لە بـرەو کەوتن. لەم دواییەدا داهێنەرێکـی تەکنەلۆژیای نوێ مۆزیك پلەیەرێکی بەرهەم هێناوە کە لە شێوەی قەڵەمێك دەچێت و هەڵگرتنی ئاسانە و کارابیش زۆرە.

قەڵەمە مۆزیك پلەیەرەکە لەگەڵ تۆڕی ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و لە سایتەکانی مۆسیقی گۆرانی وەردەگرێ. دیزاینی قەڵەمەکە هەر لە وێنەکەدا دەبینن سەرەوەی تایبەتە بە دوگەکانی کەم و زیادکردنی دەنگ و خوارەوەشی شاشەیەکی جۆری LEDیە.

# مینی کۆمپیوتەرێک سیستەمی کرۆمی دەچێتە سەر

کۆمپانیای HP مینی کۆمپیوتەرێکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە بە STREAM mini ناسراوە، کۆمپیوتەرە بچووکەکە بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن، خێرایی 1.4 گیگایە. دوو گیگابایت رامەکەیەتی، هاردی ناوخۆی 32 گیگابایتە و لە جۆری SSDیە. سیستەمی وای-فای لەسەرە.

مینی کۆمپیوتەری ناوبراو قەبارەکەی ناگاتە شەش سەنتیمەتر و کێشیشی حەفتا گرامە. بۆ پەیوەندی بە تەلەڤزیۆنەوە بە زۆری لەم جۆرە کۆمپیوتەرانە سوود دەبیندرێت. هەربۆیە شوێنی دوو کێبڵی Display port و HDMI هەیە. جگە لەوەش چوار پۆرتی USB دوو لە پشتەوەو دوو لە پێشەوەی هەیە. شوێنی خوێندنەوەی میمۆری کارت، دانانی هیدفۆن و سیستەمی بلوتوسیشی لەگەڵدایە. کیبۆردێك و ماوسێکی تایبەت بەخۆشی هەیە و کاتێك دەیکڕی 200 گیگابایتیش هاردی بەخۆڕایی لە خزمەتگوزاری onedrive بە بەکارهێنەرەکەی دەدرێت.





# ئامێرێکی بچووک بەڵام گرنگ

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا سیستمی بانکی ئەلکترۆنی هەیە و لەم دواییەدا لەو سیستەمەشدا گۆڕانکاری کراوە و ئەرکی پارەدان و وەرگرتنیان بە مۆبایل سپاردووە. h-pr3 ئامێرێکی بچووکە بە پشت مۆبایلەوە دەنووسرێت و پارێزگاری لە کارتی بانکی و سیستەمی «بیت کوین» دەکات و پارەدان و وەرگرتنەکان ئاسان دەکاتەوە. بەهۆی ئەو ئامێرە بچووکەوە وەك ئەوە وایە هەمیشە جزدانی پارەتان پێ بێت. ئامێرە بچووکە لە یەك کاتدا سێ ئەرك ئەنجام دەدات، کۆدە نهێنییەکان لەخۆیدا هەڵدەگرێت، ناسنامەی بەکارهێنەرەکەیەتی و چونکە پەنجە مۆر دەخوێنێتەوە، گشت کۆدەکانی مۆبایل، یان تەبلێت بە هەر سیستەمێك بێت دەکاتەوە.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت: لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڤایبەردا بەشدارم، بەڵام بەبێ ئەوەی کە بخوازم ڤیدیۆ و وێنەکانی ناو گرووپەکان دادەبەزنە سەر مۆبایلەکەم چ بکەم کە ئەم ڤیدیۆ و وێنانە دانەبەزن؟

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتادا کە ڤایبەر (viber) دەکەیەوە ئۆتۆماتیکی ئەو فایلانە دادەبەزن، بۆ ئەوەی دانەبەزن، دەبێ بچییە سەر بەشی sitting و دواتر لەوێدا بەشی media بکەوە و هێمای راست لەسەر یەکەم چوارگۆشە لابەرە.

# ئۆتۆمبێل بە مۆبایل و کاتژمێر کۆنترۆڵ بکەن



کۆمپانیای هیوندای لە بری ریمۆت کۆنترۆڵ، کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبیلی بە مۆبایل و سیستەمی ئەندرۆید سپاردووە، ئیدی لەمەولا پێویست ناکات لەگەڵ سویچی ئۆتۆمبیلەکەت ریمۆت کۆنترۆڵێکیشی لەگەڵدابێت، دەتوانی هەر بە مۆبایلەکەی خۆت، بیکوژێنیەوە و هەڵی بکەی، دەرگاکانی بکەیەوە و دایبخەی...تاد. نەك لە رێگای مۆبایلەوە بەڵکو بەهۆی ئەو کاتژمێرە زیرەکانەی کە سیستەمی ئەندرۆیدیان لەسەرە دەتوانی ئەم کارە بکەی.. نەك تەنیا بە داگرتنی دوگمە، بەڵکو بە دەنگی خۆشت مۆبایلەکەت کۆنترۆڵ بکەی..



## شەحنکەرەوەیەکی پۆرتێبڵ لاپتۆپ شەحن دەکاتەوە

چەند ساڵێکە باتری شەحنکەرەوەی پۆرتێبڵ بۆ مۆبایل بەرهەم هاتووە، راستییەکەشی ئەم جۆرە شەحنکەرەوانە بۆ گەشت و سەیران و ئەو شوێنانەی وزەی کارەبایان لێ نییە سوودی باشی هەیە. قەوارە و سایز و توانایی شەحنکەرەوە پورتێبڵەکان جیاوازن. لەم دواییەدا کۆمپانیای zolt جۆرێك لە شەحنکەرەوەی پورتێبڵی بەرهەم هێناوە کە 70 وات شەحن لەخۆیدا رادەگرێ و بچووکتریشە لە شەحنکەرەوەکانی دیکە.

چارژێر(charger)ی ئاماژە بۆ کراو، جگە لەوەی بچووکە بە گەرما و سەرما تێك ناچێت و شوێنی سێ USB هەیە. یەکێك لەم شوێنانە تایبەتە بە تەبلێت و ئەوانی دیکە بۆ مۆبایل و لاپتۆپن. جگە لەوەش بەرهەمەکانی ئەپلیش دەتوانن سوود لەم شەحنکەرەوەیە ببینن.



## سایتێک بۆ چێکردنی وتەی ناوداران

فەیسبووك وەك گرنگترین تۆڕی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك پەرەی سەندووە کە کەم کەس هەیە ئەکاونتێکی لەم سایتەدا نەبێت، لەم سایتەدا وەك دەبینن، وێنە، ڤیدیۆ، بابەت و هەواڵ ...تاد دادەنرێت. وتەی بەنرخی ناوداران زۆر کەس دیزاینێکی بۆ چێ دەکات و لە فەیسبووکەکەیدا بڵاوی دەکاتەوە. گەر نیازت هەیە بە ئاسانترین شێوە دیزاین بۆ وتەیەکی بە نرخ بکەی، سەر لە سایتی www.recitethis.com بدە، ئەم سایتە دەیان دیزاینی لە پێشدا ئامادەکراوی هەیە و تەنیا ئەوەندە بەسە کە وتەکەی تێدا بنووسی و هەر لەوێش بەیەك فرمان لە فەیسبووکەت بڵاوی بکەیەوە.